مەندەلاوی:لە خولی ئەستای پەرلەمان چەندین یاسای گرنگ دەردەکرێت کە تایبەت بە بژیانی هاوڵاتیانەوە

ئەمە چوارشەممە"موحسین مەندەلاوی" سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت ڕایگەیاند:- کە خولی ئەستای پەلەمان ژمارەیەک یاسای زۆر گرنگ دەردەکات کە لەگەڵ خواستەکانی خەڵکدا بگونجێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی جەگری یەکەم لە بیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەمڕۆ "محسن مەندەڵاوی" سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت، سەرۆکایەتی کەبوونەوەیەکی فراوانی لیژنەی کار و ڕەکخراوەکانی کەمەڵی مەدەنیی پەرلەمانی کرد، بە ئامادەبوونی سەرۆکەکەی و سەرجەم ئەندامەکانی و بە بەشداری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەکە.

لەبیاننامەکەدا ڕوونکراوەتەوە :- کە لە کەبوونەوەکەدا تاوتوێی ئەو یاسا گرنگانە کراوە کە هەردوو لیژنەکە خوێندوتیانەوە و بڕگەکانیان پێگەیشتوون، لەوانە (یاسای سەندیکا و یەکێتیەکان و یاسای ڕەکخستنی سەندیکاکان)،کە ئەرک و کاری سەندیکا و یەکێتیەکان ڕەدەخات، هەروەها بەهێزکردنی ڕۆڵی چاودێری ئەنجومەنی نوێنەران بەسەر دامەزراوە پێیوەندیدارەکاندا.

مەندەلاوی ڕەنمایی دا:- کە پێلە بکەن لە تەواو کردنی ئەو یاسایانەی کە ئاماژەیان پێکراوە و پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بە ئەوەی بیانخەنە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی داهاتوو بە مەبەستی خوێندنەوە و گفتوگۆ و دەنگدانیان لەسەری.